# کۆتایی سیستمی نویی جیهانیی

# THE GUARDIAN




**سوماس میلنە**
**لە ئینگلیزییەوە: فازڵ مەلا رەحیم**

(دارمانی لێهمان برازەرس پێشەنگ بوو لە سەختترین قەیرانی ئابوورییدا لە ساڵەکانی 1930 وە)

پشێویەکانی سەرەتای سەدەی 21، جیهانی گۆڕی. ئێستا، دوای ئاسەواری جەنگە بێئاکامەکان و کارەساتە ئابووریەکان، گوشارو هەول بۆ ئەلتەرناتیڤێک لە زیادبوندایە.

لەکۆتایی هاوینی 2008 دا , دوو رووداوی بەدوای یەکدا هاتوو، نیشانە بوو بۆ کۆتایی سیستمی نوێی جیهانیی. لە ئابدا، ولایەتی جۆرجیای ئەمریکیی لە جەنگێکی کورت بەلأم خوێناویدا وێران بوو، دوای ئەوەی پەلاماری هێزە سەربازیەکانی روسیای دا لە ناوچە جێناکۆکەکەی باشووری ئوسیتیا.

لای موحافیزکارە نوێیەکانی واشنتۆن کۆماری سۆڤیەتی پێشوو پەسند بوو . سەرۆکە دەسەلاتخوازەکەی پروپاگەندەی زۆری دەکرد بۆ جۆرجیا، بۆ ئەوەی بەشداریی بکات لە فراوانبوونەکەی (ناتۆ) لە خۆرئاوادالە هەلگەڕانەوەیەکدا لە ڕاستیی، دیک چینی، جێگری

سەرۆکی ئەمریکا سەرزەنشتی کاردانەوەکەی ئەمریکای کرد وەک کردەوەیەکی "دوژمنکاریی" کە "نابێت بێ وەلام تێپەڕ بێت." جۆرج بوش کە تازە لە جەنگە کارەساتاویەکەی عێراق رزگاریی ببوو، رایگەیاند کە داگیرکردنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی لەلایەن روسیاوە لە سەدەی 21 دا مایەی قبوول نییە.

کە شەڕەکە کۆتاییهات, بوش روسیای ئاگادارکردەوە، کە ددان بە سەربەخۆیی ئۆسیتیای باکوردا نەنێت. روسیاش رێک ئەوەی کرد,لەکاتێکدا کەشتیە جەنگیەکانی ئەمریکا چالاکیەکانی کەمکردەوە بە دەوری دەریای رەش دا. ململانێکە نیشانەیەک بوو بۆ وەرچەرخانێکی نێودەوڵەتیی.فێڵ و ساختەکاریەکەی ئەمریکا کەوتە ڕوو، و جموجۆڵە سەربازیەکەی بەهۆی شەڕی دژە تیرۆر و عیراق و ئەفغانستانەوە لەبار برا. دوای بیست ساڵ کە جیهانی وەک پەیکەرێکی زەبەلاح کردبووە ئەسپ و لێیدەخوری, ساڵانی دەسەلاتی بێ هاوتای ئەمریکا کۆتاییهات.

سێ هەفتە دواتر,ڕووداوی دووەم هەرەشەبوو بۆ ناو دڵی سیستمی دارایی نێودەوڵەتیی , کە ئەمریکا هەژموونی کردوە.لە 15 ی ئەیلول دا. قەیرانی قەرزەکان سەریهەڵدا لە ئەنجامی دارمانی چوارهەمین گەورە بانکی وەبەرهێنانی ئەمریکا. نابووتبونی(لێهمان برازەرس) لە ساڵەکانی 1930 وە جیهانی خۆرئاوای خستە قووڵترین قەیرانی ئابووریەوە.

دە ساڵی یەکەمی سەدەی 21 سیستمی نێودەوڵەتیی راتەکاند , و 2008 یش یەکلاکەرەوەبوو. لە کۆتایی جەنگی سارد دا پرسە ئابووریی و سیاسیە گەورەکان هەموو یەکلاکرانەوە, وەک بە ئێمەیان راگەیاند.دیموکراسیی لیبرال و سەرمایەداریی بازاری ئازاد زاڵ و سەرکەوتووبوون. سۆشیالیزم نیردرایەوە بۆ ناو مێژووناکۆکیی سیاسیی ئێستا لە شەڕی کلتووریی و ئالوگۆڕی باج و خەرجییدا لەنگەری گرتووە.

لە 1990 دا,جورج بوشی باوک سیستمێکی جیهانیی نوێی خستە کار لەسەر بناغەی سەروەریی سەربازیی ئەمریکایی و هەژموونی ئابووریی خۆرئاوایی. ئەمە دەبوو بە جیهانێکی تاک جەمسەر بەبێ رکابەر. هێزە ناوچەییەکان ملکەچی ئەم دەسەلاتە ڕەها نوێیە دەبن. خودی مێژوو,وەک دەڵێن, گەیشتوەتە کۆتایی، بەلام لە نێوان هێرشەکەی جووتە تەلارەکەی 11ی ئەیلول و کەوتنی (لینهام برازەرس)دا سیستمی جیهانیی ووردوخاش بوو بو. دوو فاکتەر زۆر گرنگ و سەرەکیی بوون. لە کۆتایی دەهەیەک لە جەنگی بەردەوام.

ئەمریکا سەرکەوتوو بوو لە نیشاندانی ئاست و سنوورەکانی خۆیدابێجگە لە مەودای سەربازیەکەی. مۆدێلی سەرمایەداریی تازەلیبرالیش کە بۆ ماوەی نەوەیەک تێک وپێک شکابوو.

کاردانەوەکەی ئەمریکا بۆ 11/9 بوو کە مانای نەبەزیی ئیمپراتۆریەتی جیهانیی راستەقینەی شکاند. کاردانەوە بێحسابەکەی ئیدارەی بوش دەستدرێژیەکانی نیویۆرک و واشنتۆنی گۆڕیی بۆ سەرکەوتووترین هێرشی تیرۆریستیی لە مێژوودا.

جەنگەکەی بوش نەک تەنسا سەرکەوتوو نەبوو بە خودی واتاکانی خۆی، بەڵکو تیرۆریستان لەسەرتاسەری جیهاندا گەشەیان کرد، لەکاتێکدا هەڵمەتەکانی کوشتن و بێسەروشوێنکردن و ئەشکەنجەدانەکانی,متمانای بە هەموو ئیدیعاکانی خۆرئاوا, کە پارێزەری مافەکانی مرۆڤن,نەهێشت، بەلام داگیرکردنەکانی ئەفغانستان و عیراق لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیاوە بێتوانایی زەبەلاحە جیهانیەکەی خستە ڕوو لە سەپاندنی ویست و ئیرادەی خۆیدا بۆ سەر ئەو گەلانەی کە ئامادەبوون بۆ بەرەنگاربوونەوە. ئەوە بووە دۆڕاندنێکی ستراتیژیی بۆ ئەمریکاو نزیکترین هاوپەیمانەکانی.

ئەم تێپەڕبوونی ساتی تاک جەمسەرییە یەکەمینی ئەو چوار گۆڕانە یەکلاکەرەوەیە کە جیهانی گۆڕی —لەهەندێک ڕێگەی بنچینەییەوە بەرەو باشتر. دووەم بریتی بوو لە ئاسەواری تێکشاندنەکەی 2008 و قەیرانی ئەو نیزامی سەرمایەداریەی خۆرئاوا، کە بەری بۆ بەرەلاکرد و نشووستیی ئەمریکای خێراتر کرد.

ئەمە قەیرانێک بوو لە ئەمریکا دروستکرابوو، بە هۆی ئەو تێچوونە زەبەلاحەی جەنگە زۆرەکانەوە قووڵ بووبوەوە. مەترسیدارترین ئاسەوارەکانی بۆ سەر ئەو ئابووریانە بوو، کە نوخبەکانیان شێلگیرانە بەشداریان کرد لە نەریتی تازەلیبراڵی بازارە داراییە شێواوەکان و دەسەلاتە هاوبەشە بەرەلاکەدا.

نموونەیەکی چاوچنوکی سەرمایەداریی گەرووی جیهانی کپ کرد، وەک تاکە ڕێگەیەک بۆ بەڕێوەبردنی ئابووریی مۆدێرن, لەسەر حیسابی زۆربوونی نایەکسانیی و تێکچوون و داروخانی ژینگە,متمانای لەدەست دابوو- تەنهاش لە دارِوخان رزگار کرا لە رێگەی فراوانترین دەستێوەردانی دەوڵەتەوە لە مێژوودا.جووتە شوومەکەی موحافیزکاریی نوێ و لیبرالیزمی نوێ تاقیکرانەوە و وێرانکاریان خستەوە.

شکستهێنانی ئەو دووانە هاتنە پێشەوەی وڵاتی چینی خێراتر کرد, سێهەمین گۆڕانی سەدەخوڵقاندن لە سەرەتای سەدەی 21 دا.گەشەکردنە بەرچاوەکەی وڵات نەک تەنها سەدان ملیۆنی

لە هـەژاریـی رزگـارکـرد، بەڵکو مۆدێلی وەبەرهێنانی سەر بە دەوڵەت هەرەسهێنانی خۆرئاوای راگرت، گاڵتەی بەنەریتی بازار کرد ومەڵبەندێکی نوێی دەسەڵاتی جیهانیی خوڵقاند .ئەوە ئازادیی مانۆرکردنی دەوڵەتە بچووکەکانی زیاتر کرد.

هەڵکشانی چین بۆشایی بۆ گۆڕانی پێشکەوتوانە زیاتر کردو ئەمریکای لاتینی رامالّی- چوارەمین پێشکەوتنی جیهانیی. لەسەرتاسەری کیشوەرەکەدا، حکومەتانی سۆشیالیست و سۆشیال-دیموکرات هاتنە پێشەوە بۆ دەسەڵات و هێرشیان دژی ناعەدالەتیی ئابووریی و رەگەزیی بەرپا کردووە سەربەخۆیی ناوچەییان دروستکرد و سەرچاوەکانی داهاتیان لە لە ژێرکۆنترۆڵی یەکگرتوودا دەرهێنا. دوو دەهە دوای ئەوەی بۆ ئێمەیان تەئکید کرد کە هیچ ئەڵتەرناتیڤێک بۆ سەرمایەداریی لیبراڵی نوێ نابێت، ئەمریکای لاتین خۆیان دەیانخوڵقاند.

ئەم گۆڕانە گرنگانە هاتن، بێگومان، بە زیان و تێچوون و توانای زۆرەوە.ئەمریکا لە ئایندەدا وەک هێزێکی سەربازیی بالادەست دەمێنێتەوە,وە شکاندنەکانی لە عیراق و ئەفغانستان خوێن و وێرانکاریی بە مەودایەکی زۆر زل , تێچوو, وە فرەجەمسەریی مەترسیی ململانێ دەهێنێت. نموونەی لیبراڵی نوێ گومانی لەسەر بوو, بـەڵام حکومەتەکان هەوڵیاندا بە رێگەی بەرنامەی ناشارستانی بیهێننەوە سەرپێ. سەرکەوتن و هەڵکشانەکەی چین نرخێکی زۆری لە نایەکسانیی و مافە مەدەنیەکان و یرانکاریی ژینگەی تێچوو. نوخبەکانی ئەمریکای لاتین , کە ئەمریکا پشتگیریان دەکات , بـەردەوام سووربوون لەسەر پێچەوانەکردنەوەی دەستکەوتە کۆمەلایەتیەکان و سەرکەوتووش بوون لە رێگەی کودەتای خوێناوی لە هەندۆراس لە 2009دا. ئەو جۆرە ناچوونیەکیە، هەروەها راپەرینە شۆرشگێرانەکەی جیهانی عەرەبیی گرتبوەوە هەراسانکرد لە 2010 و2011 دا, و گۆرانێکی دیکەی لە بەشەکانی جیهاندا نایەوە.

## مەترسیدارترین ئاسەوارەکانی بۆ سەر ئەو ئابووریانە بوو، کە نوخبەکانیان شێلگیرانە بەشداریان کرد لە نەریتی تازەلیبرالی بازارە داراییە شێواوەکان و دەسەڵاتە هاوبەشە بەرەڵاکەدا

تاوەکو ئەو کاتە جەنگی دژەتیرۆری بـوش ببووە شـەرمـەزاریـەکـی وەهـا کە حکومەتی ئەمریکا ناچاربوو ناوەکەی بگۆرێت بۆ( ئۆپێراسیۆنە ناکاوەکانی دەرەوەی وڵات).عیراق هەموو دونیا بە کارەسات ناوی دەبەن,ئەفغانستانیش بە چارەنووسێکی رەش. بەڵام ئەو واقیعیەتە تەمێکراوە، ناکرێت لەوە دووربخرێتەوە لەوەی چۆن ئەم هەڵمەتانە لە سەر شەقامی خۆرئاوا تەماشا دەکران، کاتێک یەکەمینجار بەریان بۆ بەرەڵا کرا .

لەپێناو گەرانەوە بۆ ئـەوەی بەرۆتین لەلایەن بوش و سیاسەتمەدارە ئەمریکیەکان و بەناو-زانا کانینەوە وترا لە دوای کارەساتی 11/9 وە , دەبێت بچیتە ناو دونیایەکی هاوسەنگەوە لە خەیالّی ژەهراویی.هەموو جۆرە هەولێک درا گومان بخرێتە سەر ئەو کەسانەی مەسەلەی داگیرکردنەکەیان رەتکردەوە_ زۆریشی نەبرد بەگشتیی بێگوناه دەرچوون.

میشیل گۆوڤ, وەزیرێکی موحافیزکارەکان قسەی توندی بە رۆژنامەی (گاردیان) وت بەهۆی بلاوکردنەوەی تەواوی مشتومرەکە لەسەر هێرشەکان و بە چەتە ناوی بردن . رۆژنامەکەی روپیرت مـوردۆخ نەفرەتی لەوانەکرد، کە هۆشداریان دژی جەنگ دا وەک( دیعایەچیی دژە-ئەمریکای سەر بە فاشستی چەپ). کاتێک رژێمی تالیبان رووخێنرا تۆنی بلێر پیدانەی ئەوانەیکرد ( بەمنیشەوە) کە دژی داگیرکردنی ئەفغانستان و جەنگی دژەتیرۆر بوون. رایگەیاند کە( دەرکەوت ئێمە بەهەڵەدا چووبوین.)

دەساڵ دواتر, کەم کەس گومانیان لەوە لا مابوو کە حکومەتەکەی بلێر بوو(دەرکەوت کە هەڵە بوون), بەو ئاسەوارە کارەساتیانەوە. رەخنەگران پێشبینیاندەکرد کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیان شکستدەهێنن لە زاڵبوون بەسەر ئەفغانستاندا. خودی جەنگی دژە-تیرۆر و تیرۆریزم تەشەنە دەکات.زەوتکردنی مافەکانی مرۆڤ دەرەنجامی زۆر خراپی دەبێت-داگیرکردنی عیراقیش کارەساتێکی خوێناوی دەبێت.

"پسپۆرەکانی" تاقمی شەر, وەک جێگری سەرۆکی بۆسنە، پادی ئاشداون, وەک (خەیال پلاو )لاقرتێی بە ئاگادارکردنەوەکان دەکرد کە داگیرکردنی ئەفغانستان دەبێتە هۆی "هەڵمەتی درێژخایەنی گەریلا. دە ساڵی خایاند و بەرهەڵستیی چەکدار گەرمتر بووە و جەنگەکە بووەتە درێژترین جەنگ لە مێژووی ئەمریکادا.

مەسەلەکەی عیراقیش هاوشێوە بوو- هەرچەندە ئۆپۆزیسیۆن ئەوکات دەنگیان هەبووئەوانەی دژی داگیرکردنەکە بوون تاوانباردەکران کە "رازیکەرن". رامسفێدی وەزیری بەرگریی ئەمریکا پێشبینی دەکرد کە جەنگەکە شەش رۆژ دەخایەنێت. زوربەی میدیاکانی ئەمریکاو بەریتانیا وای بۆدەچوون کە بەرهەڵستیی لەماوەیەکی کەمدا هەرەس بهێنێت . ئەوانە تەواو بەهەڵەدا چووبوون.

لەیەکەم هەفتەی داگیرکردنەکەدا من نووسیبووم کە داگیرکردن بەشێوازی کۆلۆنیالی نوێ رووبـەرووی بەرهەڵستیەکی سەختی گەریلا دەبێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر دوای رۆیشتنی سەدام و داگیرکەرانی دەردەکرێن. سەربازە بەریتانیەکان بەراستیی رووبەرووی هێرشی بەردەوام و سەخت بوونەوە تاوەکە ناچارکران لە 2009 دا برۆنە دەرەوە،

هەروەک سەربازە ئەمریکیەکان کردیان تا لە 2011 دا کشانەوە.

بەلام تەنها لەسەر مەسەلەی جەنگی دژەتیرۆر نەبوو، کە رکابەرانی سیستمی نوێی جیهانیی بە راست دادەنران و هەوادارەکانی قسەی پڕوپوچی کارەساتاویان دەکرد. بۆ ماوەی 30 ساڵ نوخبەکانی خۆرئاوا سووربوون لەسەر ئەوەی کە تەنها بازاری بەرەلاو رێکنەخراو , بەتایبەتیکردن و باجی سووک لەسەر دەولەمەند گەشەکردن و خۆشگوزەرانیی دەخاتەوە.

ماوەیەکی زۆر پێش 2008, مۆدێلی "بازاری ئازاد" کەوتبوە بەر هێرشی توند : لیبرالیزمی نوێ دەسەلاتی دەبەخشیە بانک و کۆمپانیا نامەسئوولەکان ,وەک پشتگیرانی دژە-جیهانیبوونی هاوبەش دەیانوت، هەژاریی و ناعەدالەتیی کۆمەلایەتیی زیاتر دەکات و دیموکراسیی لەبار دەبات- و لەرووی ئابووریی و ئیکۆلۆژیەوە درێژەی نابێت.

بە پێچەوانەی سیاسیەکانی (کرێکارانی نوێ),کە دەیانوت " گرمەو پیاکێشان " شتێکی رابوردووە , رەخنەگران بیرۆکەی ئەوەی سووری بازرگانیی سەرمایەدار دەکرێت وەک "نابەجێ" لابرێت . بەربەرەلاکردن , بەدارایکردن و گەشەکردنی سەرچلانەی مقۆمقۆی قەرزاریی لەراستیدا، قەیرانی لێدەکەوێتەوە.

زوربـــەی زۆری ئابووریناسان کە پێشبینیان دەکرد مۆدێلی نوێی لیبرال بەرەو نشوستی بچێت , بێگومان لەسەر چەپ بوون. لەبەرئەوە، کاتێک لە بەریتانیا پارتە سیاسیە سەرەکیەکان هەموو پشتگیریی "رێکخستنی سووکی" دراییان کرد , رکابەرەکانی دەمێک بوو دەیانوت (لیبرالیزەکردنی شار) هەرە شەیە بۆ سەر ئابووریی فراوانتر .

رەخنەگران هۆشدایاندا کە بەتایبەتیکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان تێچوونی زیاتری دەوێت, و مووچەکان و بارودۆخەکان نزم دەکاتەوە و گەندەلیی فراوان دەکات. ئەوەش کت و مت روویدا. و لە یەکێتی ئەوروپا,کە ئیمتیازی هاوبەش و نەریت و دەستووری بازار خراوەتە ناو پەیماننامەوە, ئەنجامەکە وێرانکەر بوو. پێکەوەبوونی بانکە لیبرالەکان لەگەل یەکێتیەکی دارایی نادیموکرات و لاسەنگ کە رەخنەگران(لە چەپەکان و راستەکانیش لەم رووە وە) هەمیشە دەیانوت دەبێتە مەترسیی لێکهەلوەشان کارەساتێک بوو لە چاوەروانیی رووداندا بوو. پێکادانەکە ئەو دەستپێکرنەی دەستەبەر کرد.

دژایەتیی سەرمایەداریی لیبرالی نوێ بەفراوانیی لە چەپەوە دەستپێکرد,هەروەک ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەر جەنگەکانی داگیرکردن بە رابەریی ئەمریکا،بەلام بەسەرمایەداریکردن زۆر سست بوو لەسەر بەخشین و لێبوردنەکەی دەربارەی ناکۆکیە سەرەکیەکانی ناوچەکە . مایەی سەرسورمانیش نییە ئەگەر رەچاوی نەمانی متمانا بکرێت کە لە شکستیەکانی چەپی سـەدەی بیستەوە سەریهەلدابوو- لەوانەش ئەلتەرناتیڤە کۆمەلایەتیەکانی خۆی.

بەلام هێنانە مالەوەی دەرس و پەندی ئەم کارەساتانە گرنگ بوو، ئەگەر دووبارە نەبونایەتەوە. تەنانەت دوای ئەفغانستان و عیراقیش جەنگی دژەتیرۆر ئەنجامدەدرا لە هێرشەکانی فرۆکە بێ فرۆکەوانەکان لە پاکستانەوە بۆ سۆمال,کە مەدەنیەکانیان دەکـوشـت .هـێـزە خۆرئاواییەکان رۆلـی یەکلاکەرەوەیان بینی لە رووخانی رژێمی لیبیا دا-بەناوی پارێزگاریکردنی مەدەنیەکانەوە کە دواتـر لە شـەری ناوخۆکەی (ناتۆ)دا بەهەزارانیان لێدەکوژرا , لەکاتێدا سوریای وێران هەرەشەی دەستێوەردانی لێدەکرێت و ئێرانیش پەلاماردان لەلایەن هەمووانەوە.

لەکاتێکدا لیبرالیزمی نـوێ متمانای لـەدەسـتـدابـوو , حکومەتانی خـۆرئـاوا قەیرانەکەیان بەکارهێنا، بـۆ ئـەوەی بیچەسپێنن و قایمی بکەن. نەک تەنها کار و مووچە و بەرژەوەندیەکان وەک خۆیان نەمانەوە , بەلکو بەتایبەتیکردن(خصخصە) زیاتر پەیرەوکرا. راستبوون بەس نەبوو, ئەوەی پێویست بوو گوشاری سیاسیی و کۆمەلایەتیی بـوو، کە ئەوەندە بەهێز بێت مێزەکانی دەسەلات وەرگێرێت و قلپ بکاتەوە .

خۆکشانەوە لە نوخبەیکی بێمتمانە و پرۆژە ئابووریی و کۆمەلایەتیە شکستهاتووەکانی بـــەردەوام قـــوول بـــوەوە دوای 2008. کاتێک قورسایی و باری قەیرانەکە کەوتبوە سـەر زۆریـنـەی خـەلـک, تەشەنەکردنی نارەزایی,مانگرتن و ئاشووبی هەلبژاردن نیشانیداکە گوشار بۆ گۆرانی راستەقینە تازە دەستپێکردبوو. رەتکردنەوەی دەسەلاتی هاوبەش و چاوبرسێتیی ببووە باوی سەردەم.

ئـێـرێـک هۆبسباومی مـێـژوونـاس دارمانەکەی 2008 ی بە " جۆرێک لە بالی راست کە هاوتای رووخانی دیوارەکەی بەرلین " وەسفکرد . بەگشتیی نارەزایی دەردەبـــردرا کـە دوای هەرەسهێنانی کۆمیونیزم و دیموکراسیی کۆمەلایەتیی تەقلیدیی, چـەپ هیچ ئەلتەرناتیڤێکی بەرنامەیی(سیستیماتیکی) نەبووە پێشکەشی بکات، بەلام هیچ مۆدێلێک کتوپڕ نەهاتوەتە کایەوە. هەر هەموویان، هەر لە دەسەلاتی سۆڤیەت و دەولەتی خۆشگوزەرانی کینیسیەوە بۆ تازە-لیبرالیزمی تاچەرو ریگان, لەرووی ئایدۆلۆژیەوە بێپلانیی لە بارودۆخە مێژووییە تایبەتیەکان سەریانهەلداوە.

هەمان شتیش راستە لەدوای ئاسەواری قەیرانەکەی سیستمی تازەلیبرال , وەک پێویستیەک بۆ بنیاتنانەوەی ئابووریەکی شکست لەسەر بنامەیەکی دیموکراتیترو یەکسانیخواز و عەقلانی دەستیکرد بە سەپاندنی شێوەی ئەلتەرناتیڤێکی بەردەوام و زیندوو، بەلام قەیرانی ئابووریی و ئیکۆلۆژیی پێویستی بە خاوەنیەتی کۆمەلایەتی, دەستێوەردانی جەماوەریی و گۆررانێکی سامان و دەسەلاتە. ژیانی راستەقینە بەرەو ئاراستەی چارەسەری پێشکەوتوو دەچوو.

پشێویەکانی سالانی سەرەتای سەدەی 21، ئەگەری جۆرێکی نوێی سیستمی جیهانی والاکرد , لەگەل گۆرانی رەسەنی کۆمەلایەتیی و ئابووریی. وەک کۆمیونیستەکان فێربوون لە 1989 دا, و پالەوانانی سەرمایەداریی دوای 20 سال بۆیان دەرکەوت، کە هیچ شتێک چارەسەر نەکراوە.